# دیموکراسییەت .. پاسەوانیکردنی یان مومارەسەکردنی



عومەر سەیدە
omerseyda@yahoo.com

هەڵبەتە زۆرێك قسەكران لەبارەی دیموكراسییەتی هاوردەی دەسەلأتی سیاسی كوردییەوە, چیدی ئەوە شتێك نیە نكۆڵی لێبكرێت, بەلأم لەوە هەستیارترو گرنگتر ئەوەیە كە دەبیّ بزانین ئاخۆ لێرە شتێك هەیە ناوی دیموكراسییەت بێت, ئەگەر هەیە ..!! كوا؟!! ئەگەرنا چیدی پێویست ناكات لەژێر ناوو دروشمەكانی دیموكراسییەتەوە خۆڵ بكەنە چاوی خەڵكەوە.

لە بنەماو جەوهەردا دیموكراسییەت لەوانەیە سیستمێكی جوانو شیاوبێت بۆ حوكمڕانیكردن لەبری ددیكتاتۆرییەت, بەلأم ئەگەر گونجاو بێتو بلوێت بۆمان, باشتر سیستمی ئازادی هەبێت نەك دیموكراسییەت, چونكە لەژێر پەرچەمی دیموكراسییەتدا هەرچی نەكرێت بەم میللەتەی دەكەن .. لەتالأنكردن .. زۆرداریی .. خزاندنەنێو زیندان .. تەنانەت كوشتنو بڕینیش.

بەلأم كاتێك حیزبە سیاسییەكانی نێو كایەی دەسەلأتدارێتی ولأتی ئێمە بە ئیعازلا رۆژئاوا گۆرگەلۆقە بنێن بۆ دیموكراسییەت, جگە لە پاسەوانی دیموكراسییەت هیچی دیكەیان لێدەرناچێت, چونكە دەبیّ هەموو ئەو راستییە بزانین كە جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان ئەو هێزەی پشتگیریی لە مومارەسەكردنی دیموكراسییەت دەكات, لەگەڵ ئەو هێزەی تەنها وەكو بۆدی گارد خەریكی پاسەوانی وشەی دیموكراسییەتە, بەبیّ ئەوەی هیچ شتێك لە جەوهەری دیموكراسییەت گەیشتبن.

هەڵبەتە تاوانی گەلێك نیە كە خۆپیشاندان دەكەنو جادە دەگرنو بەردبارانی كۆشكە بالأبەرزەكان دەكەن, چونكە ئەو دەمەی خەڵكی ناڕەزایی هەیە لە سیستمی دەسەلأتو هاوارو گلەیی دەكات لەدەست نەبوونی خزمەتگوزاریی, مانای وایە ئیدی دەبیّ بزانن كە ئەوە دەسەلأتی سیاسی كوردییە كە رۆژانێك بووە باسیان لە دیموكراسییەت كردوە, هەر بۆیە خەڵكیش بە بەندو بالۆرەی دەسەلأتو حیزبەكانی كورد فریویان خوارد, پێیان وایە ئاساییە بڕژێنە سەرشەقامو بڵێن:"پیاوانی حەوت سەدو سی .. دز دەخەنە سەر كورسی", یان بڵێن:"بڕوخیّ ئەم بینایە .. مەسئولی دزی تیایە", هەڵبەتە من نازانم تا چەند ئەوە رەوایی هەیە لەڕووی قانونەوە كە خۆپیشاندەران ووتویانە, بەلأم هەرچی بڵێنو نەڵێن, پێویستە حكومەتی

هەرێم .. یاخود باشتر بڵێم ئەو دەسەڵاتەی خۆی بە خاوەن کوردستان دەزانێت گوێ لەداواکانی خەڵکی بگرێت, نەك بە سلوکی بەعسیزمەکان بکەونە وێزەی خەڵك‌و سەروگوێیان بشکێنن‌و ئیهانەیان بکەن وەکو ئەوەی لە چەمچەماڵ‌و شۆڕش روویدا, کە من بۆ خۆم بە چاوی خۆم ئەو رووداوانەم بینی, هەستم دەکرد من بەشێکم لە جەللادییەت ئەو پۆلیسە دڵڕەقانە کە تەنها لە فیلمە پۆلیسییەکانی هۆلیود شتی لەو جۆرەم بینیوە, لەوەش کارەساتتر ئەوەبوو کە ئیدارەی چەمچەماڵ‌و شۆڕش بۆ بەنزینخانەکان داوایان لە خاوەنەکانیان کردبوو کە پاسەوانی بکەن, ئەوەبوو بەنزینخانەی زمناکۆ بیکەسیان بردبووە سەربانی بەنزینخانەکەو تەقەیان کرد, باشە ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەکان گەڕانەوە سەردەمی فیودالی نیە, کاتێك حکومەت رەوایی بە خەڵکی سەرمایەدار بدات لەپێناو پاراستنی سەروەت سامانەکەی تەقە لە خەڵکی هەژارو برسی بکات, باشە هەر حیزبانە نەبوون لە شاخ دەیانووت کە ئەوان پشت‌و پەنای رەنجدەران‌و هەژارانن؟!!, ئەی کوا؟!!.

من کە لە کاتی خۆپیشاندانی ناحیەی شۆڕش لە ناحیە بووم لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەو پۆلیس‌و مەڵبەندی چەمچەماڵدا دانیشتبووین, تەنها قەسەیکی جوان کە گوێم لێ بوو ئەوەبوو کە بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵ ووتی:"ئێمە قەت بەخێری خۆمان ئیشێکمان بۆ ئەو خەڵکە نەکردوە هەر دەبێ بە شەق پێمان بکەن", هەڵبەتە شەق مەبەستی ئەوەبوو کە فشاریان خراوەتە سەر, هەر لەو کاتەدا کە گفتوگۆ لەسەر داواکاری خەڵکەکە بوو بوو بە تەقە, من بۆ خۆم کەسم نەبینی ئیعازی تەقە بدات, کەچی خەڵکیان دەهێناو لە دەرگای ناحیەوە تاوەکو ژوورەوە بە شەق دەیانهێنان.

من دەپرسم ئەگەر ئەوان خۆیان دیموکراسی دەزانن با تەنها رەچاوی یەك خاڵی بکەن, ئەویش رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤی کوردە, تەنها مافیان پێشێل مەکەن ئەوان پێویستیان بە فرەحیزبی نیە, مرۆڤی کورد لەوە بووەوە کە بیر لە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات بکاتەوە, دەزانێت کە ئیدی ئەم نیشتمانەو داروبەردو ئاوو خاکی مارەی براوە لەو دوو حیزبە, چیدی کەسیان دەست لەو مارەییە هەڵناگرن.

بە دەردی سەربازە دۆڕاوەکانی ئەمریکایش خەریکی پاسەوانی کردنن لە وشەی دیموکراسییەت, چونکە ئەمریکا وای دەوێت, ئیدی بۆ هەمووان ئاشکرایە کە مومارەسەکردنی دیموکراسییەت تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەنی وشەی دیموکراسین نەك بۆ هەمووان.